# جاڕنامه ی  مافی مرۆڤه که مینه نه ته وه ی ، نه ژادی،ئاینی و زمانیه کان

**we کاوه ی دێهپوویادka**

**تێبینی ؛ ئه م جاڕنامه یه بۆ یه که م جار له لایان کاوه ی دێهپوویاد ه وه کراوه به کوردی و مافی له لاین نووسه ره وه پارێزراوه**

b

[Type the company address]

[Type the phone number]

[Type the fax number]

[Pick the date]



.کاوه ی دێهپوویاد

**واژۆ کراو له کۆبونه وه ی گشتی رێکخراوی نه ته وه یه کگررتووه کان ، له پێناو بڕیار نامه ی ژماره ی ۱۳۵/۴۷**

**ڕێکه وتی ۱۸ دیسامبری۱۹۹۲**

**کۆبۆنه وه ی گشتی ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان ؛**

**-به جه ختکردن له سه ر یه کێک له ئامانجه کانی ڕێکخروای نه ته وه یه کگرتووه کان ، که له چارتێری ئه و ڕێکخراوه دا هاتووه، بردنه پێش و پشتیوانی و ڕێزلێنان له مافه مرۆڤایه تیه کان و ئازادیه سه ره کیه کان ، ته واوی مرۆڤه کان بێ له به رچاوگرتنی جیاوازی نه ژادی ، ڕه گه زی ، زمانی و ئاینیان؛**

**و به دیسان جه ختکردنه وه له سه ر باوه ڕ به مافه سه ره کیه کانی مرۆڤ ، به گه وره یی و بایه خی زاتی هه ر مرۆڤێک ، به مافی وه کهه ڤی ژن و پیاو، و مافی نه ته وه کان که بریتیه له نه ته وه ی گه وره یان بچووک**

**به هیوای به ڕێوه چوونی و به دیهێنانی به نده کانی باسلێکراو له په یمانی ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتوه کان و له جاڕی گه ردوونی مافی مرۆڤ و هه ر وه ها له کونڤانسیۆنی به رگری و سزادان بۆ ژینۆسیدی نه ژادی ، کونڤانسیۆنی نێونه ته وه یی لابردنی هه موو چه شنه چه وساندنه وه یه کی نه ژادی ، کۆنڤانسیۆنی مافه سڤیل و سیاسیه کان ، کونڤانسیۆنی نێو ده وه ڵه تی مافه کۆمه ڵایه تی –ئابووری و چاندیه کان ، داخوویانی هه رچه شنه نه مانی خۆڕاگری و سته م له سه ر جیاوازی باوه ڕی و ئایینی ، کۆنڤانسیۆنی مافه کانی منداڵان وهه ر وه ها چاره سه ریه په یوه ندیداره کانی تری نێوده وڵه تی که له ئاستی جیهانی یان له ناو هه ر یه ک له وڵاته ئه ندامه کانی ڕێکخروای نه ته وه یه کگرتووه کان دا په سه ند و له سه ری ڕێ که وتوون؛**

**هه ر وه کوو له به ندی 27ی، کۆنڤانسیۆنی مافه سڤیل و سیاسیه کان که باس له مافه کانی مرۆڤه که مینه نه ته وه ی ، ره چه ڵه کی ،ئاینی و زمانیه کان دا هاتووه؛**

**له به ر ئه وه ی به ده سهێنان و پاراستنی مافه کانی مرۆڤه که مینه نه ته وه ی ، ره چه ڵه کی ،ئاینی و زمانیه کان ده بێته هۆی ئاسایشی سیاسی و کۆمه ڵاییه تی ئه و وڵاتانه ی که تێیدا ده ژین ؛**

**له به ر ئه وه ی به ده ستهێنان و پاراستنی مافه کانی مرۆڤه که مینه نه ته وه ی ، ره چه ڵه کی ،ئاینی و زمانیه کان،یه کێک له مه رجه سه ره کیه کان بۆ پێشکه وتنی کۆمه ڵایه تی و به گشتی و له چوارچێوه ی دێموکراسیه کی قانوونی ده بێته هۆی هه ڤالیه تی وهاوکاری دانیشتووانی ئه و وڵاتانه ؛**

**له به ر ئه ڕۆڵه گرنگه ی که ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان له پاراستنی که مینه کاندا هه یه تی ؛**


کاوه ی دێهپوویاد.

**له به ر ئه و خه باته ی له کۆمه ڵی ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان ، به تایبه ت له کۆمیسیۆنی مافه کانی مرۆڤ ، کۆمیستۆنی به رگری له چه وساندنه وه ی نه ته وه کان و پاراستنیان، و زه میمه یان ئیلحاقی کونڤانسیۆنه نێوده وڵه تیه کانی مافه کانی مرۆڤ و ئامرازه پێویسته کان بۆ جاڕنامه ی جیهانی مافه کانی مرۆڤ به مه به ستی پاراستن وپێشخستنی مافه کانی که مینه نه ژادی ، نه ته وه یی ، ئاینیه کان ده بێت نه ڕێوه بچێت؛**

**له به ر ئه وکاره گرینگانه ی که ده بێت ده وڵه ته کان و ئێن جی ئۆ کان به مه به ستی پاراستنی که مینه کان و پێشکه وتنی مافه کانی تاکه کان ، بیکه ن ؛**

**له گه ڵ به فه رمی ناساندنی پێویستی تاکه کان به مسۆگه ر کردنی پێشکه وتنی مافه نێو ده وڵه تیه کانی مرۆڤ سه باره ت به مافی که مینه نه ته وه ی ، نه ژادی ، ئایینی و زمانیه کان ، ئه م داخوویانیه سه باره ت به مافه کانی تاکه کان جاڕ ده که ین :**

---

**به ندی 1**

**1-وڵاتانی ئه ندام هه بوون و شوناسی که مینه نه ته وه یی و قه ومی ، چاندی ،ئایینی و زمانیه کان ،له چوارچێوه ی سنووره کانی ئه م که مینه گه له دا ، ده پارێزێت و ئامرازه کانی پشتیوانی له پاراستنی شوناسیان پێک ده هێنێت.**

**2- ده بێت ،وڵاتانی ئه ندام ، هه موو پێشنیازه پێویسته قانوونیه کان و به مه به ستی گه یشتن به م ئارمانجه ته رخان بکه ن**

---

**.به ندی 2**

**1--تاکه په یوه ندیداره کان به که مینه نه ته وه ی و قه ومی ، چاندی ،ئایینی و زمانیه کان( که دوای ئه م جاڕه، بانگ ده کرێن: که مینه کان ) له بواری کۆمه ڵایه تی –تایبه ت به خۆییه وه مافیان هه یه بێ ئه وه ی که تووشی هیچ چه شنه جیاوازیه ک ، یان هیچ کێشه یه ک بن ، له چاندی خۆیان که ڵك وه ر بگرن ه ئایینی خۆیان به ئاشکرا خۆیا بکه ن و ڕێوڕه سمی ئاینی خۆیان به ڕێوه به ن و به زمانی خۆیان قسه بکه ن .**

**2-که مینه کان مافیان هه یه که له بواری چاندی (که لتوری) ، ئائینی،ئابووری ،کۆمه ڵایه تیه وه چالاک بن و له ژیانی گشتی ئه و کۆمه ڵگایه ش که تێیدا ده ژین به شدار بن**

**3-ئه و که سانه ی که وه ک که مینه ده ناسرێن ،بۆیان هه یه ، له بڕیارگه لێک که له و وڵاتی نیشته جێیان ده درێت به شدار بن، و له ئاستی نه ته وه ی خۆیشیان دا ، به پێی ئه و که مینه یی که هی خۆیانه ،یا له شوێنه ی که تێیدا ده ژین له بڕیاره کاندا(تا سوێنێک که له گه ڵ قانوونی وڵاتی دانیشتوویان دژایه تی نه بێت) به شداری که ن.**





**4.که مینه کان مافیان هه یه که ئه نجومه ن و کۆبۆنه وه ی تایبه ت به خۆیان هه بێت**

**5- ئه و تاکه په یوه ندیداره نه به که مینه نه ته وه یه کانه وه ، مافی ئه ویان هه یه بێ هیچ چه شنه جیاوازیه ک ،**

**زۆر به ئازادانه و ئاشتی خوازانه به ئه ندامانی دیکه ی گروپی خۆیان یان به ئه ندامانی ئه و که مینه یه ی که تێیدا ده ژین ، په وه ندی بکه ن و به رداوم له سه ر ئه و په یوندیانه بن و هه ر وه ها به دانیشتوانی وڵاتانی هاوسنوور، که له گه ڵ یان نزیکایه تی نه ته وایه تی ، ره چه ڵه کی و یان ئا ئینی و زمانییان هه یه په یوه ندی به رداومیان هه بێت**

........................................................................................................................................

**.به ندی 3**

**1-ئه وانه ی که وه کوو که مینه ناسراوون ، به ته نیا خۆیان یان له گه ڵ ئه ندامانی گروپه که یان به شیوازێکی کۆبۆنه وانه ،بێ هیچ چه شنه جیاوازییه ک ، ته واوی مافه کانی خۆیان ، له گه ڵ ئه و مافانه ی که له م جاڕه دا ڕاگایندراون ، ئه نجام بده ن**

**2-به ڕێوه بردن یان به ڕهێوه نه بردنی مافه کانی باسکراو له م جاڕنامه یه دا ، هیچ ئه نجامێکی نه رێنی بۆ که مینه کان نیه .**

........................................................................................................................................

**.به ندی 4**

**1-وڵاتانی ئه ندام ، ده بێت هه موو کارێکی پێویست –له هه ر شوێنێکدا که پێویست بوو-به مه به ستی مسۆگه ر کردنی تاکه کانی ناو که مینه کان بۆ به دیهێنانای کاریگه ری مافه کانی مرۆڤایه تی و ئازادیه سه ره کیه کانیان و یه کسانی له هه مبه ر قانوون ، بێ هیچ جیاوازیه که به ڕێوه ببه ن**

**2-وڵآتانی ئه ندام به مه به ستی خولقاندنی دۆخێکی باش بۆ که مینه کان ،له پێناو خویا کردنی تایبه ت مه ندیه کانیان وبایه خ دان به چاند ، زمان و نه ریتیان و جله کانیان، کاره پێویستاه کان ئه نجام ده ده ن ، مه گه ر ئه وه ی که ئه نجامدانی ئه و کارانه دژایه تی له گه ڵ قانوونی وڵاتی نیشته جێی یان ئێستاندارده نێونه ته وه ییه کاندا هه بێت.**

**3-وڵاتانی ئه ندام ، ئه گه ر پێیان کرا،ده بێت هه لی په روه رده به زمانی زکامکی که مینه کان و وه رگرتنی قانوون و زاگۆنه کان به زمانی زکاماکییان بۆ بره خسێنن**

**4-وڵاتانی ئه ندام ، ئه گه ر بۆیان ڕێکه و ت، ده بێت هه موو خه باتێکی پێویست بۆ په روه رده به زمانی زکماکی که مینه کان و هه ر وه ها، ده بێت که مینه کان بۆ فێربوونی زانسته مێژوویه کان ، نه ریته کان ،زمان و ئه و که لتوره ی که که مینه کان ،له گه ڵی ڕاهاتوون ، ئه نجام بده ن**

**5-وڵاتانی ئه ندام ده بێت هه موو خه باتێک پێویست به مه به ستی به شداری تاکه په یوه ندی داره کان به که مینه کانه وه له پێشکه وتنی ئا بووری و پێشکه وتی نیشتمان له وڵاته که یاندا ، ئه نجام بده ن**



.کاوه ی دێهپوویاد

........................................................................................................................................

**.به ندی 5**

**1-سیاسه ت و به رنامه كانی وڵات ، ده بێت به رژه وه ندی ڕه وا باڵای كه مینه كان به دی بهێنێت و له گه ڵ ئه و به رژه وه ندیانه ی كه مینه كان دا بێت**

**2- به رنامه كانی هاوكاری و براده ری له نێوان ئه یاله ته كان دا ده بێت به رژه وه ندی ڕه وا باڵای كه مینه كان به دی بهێنێت و له گه ڵ ئه و به رژه وه ندیانه ی كه مینه كان دا بێت**

........................................................................................................................................

**به ندی 6**

**ئه یاله ته كان ، سه باره ت به كێشه كانی تاكه په یوه ندیداره كان به كه مینه كانه وه به به رچاوگرتنی پرسه كانی تر ، ده بێت له بواری هاڵووگۆڕی زانیاری به مه به ستی هاندانی هه ردوولا و به ده ستهێنانی هاو كاری و متمانه ی گشتی له نێوانیان دا تێبكۆشن.**

........................................................................................................................................

**به ندی 7**

**وڵاتانی ئه ندام ، ده بێت به مه به ستی چاك به ڕێوه بردنی مافه باسكراوه كان له م جاڕنامه یه دا له به رژه وه ندی كه مینه كاندا تێبكۆشن**

........................................................................................................................................

**به ندی 8**

**1-هیچ شتێک له م جاڕنمه یه دا ، نابێت ببێته كۆسپێک كه به ر له گرێبه سته نێو نه ته وه یه كان كه له به رژه وه ندی كه مینه كاندان ، بگرن.هه ر وه ها وڵاتانی ئه ندام به باوه ڕی راسته كیی ، په یمان و ڕێكه وتننامه گه لێک كه له به رژه وه ندی كه مینه كاندایه ئه نجام ده ده ن**

**2-به ئه نجام گه یشتنی مافه كانی باسكراو له م جاڕنامه یه دا ،نابێته كۆسپێک بۆ كه ڵک وه رگرتنی تاكه كان له جاڕنامه ی گه روونی مافی مرۆڤ و ئازادیه سه ره كیه كانیان**

**3- كاره ئه نجامدراوه كان به مه به ستی به دیهێنانی مافه باسكراوه كان له م جاڕنامه یه دا له لایان وڵاته ئه ندامه كانه وه نابێت ، به شێوازێک شرۆڤه بكرێت كه له گه ڵ بنه مای یه كسانی و ئازادی مرۆڤ كه له جاڕنامه ی گه ردوونی مافه كانی مرۆڤدا جه ختی له سه ر كاوه، دژایه تی هه بێت**

**4-هیچ شتێک له م جاڕنامه یه دا نابێت بونیات نه ری هیچ چه شنه چالاكیه ک بێت كه له گه ڵ ئامانج و بنه ماكانی ڕێكخراوی نه ته وه یه كگرتووكاندا دژایه تی هه بێت، به تایبه ت مافی نه ته وه كان سه باره ت به هه بوونی حاكمیه ت ی نه ته وه ی و ته مامیه تی ئه رزی و سه ر به خۆێ سیاسی نه ته وه كان بڕوشێنێت تێبینی وه رگێر؛ ئه و شته ی كه لێره دا هاتووه دیار نیه كه مه به ستی له نه ته وه ده وڵه ته یان نه ته وه یه ، واته كه مینه ی نه ته وه ی**

**به ندی 9**

**ئاژانسه تایبه ته کان و ڕێکخراوه کانی دیکه ی نه ته وه یه کگرتووه کان،ده بێت ،به مه به ستی به د یهێنان و ئه نجام دانی ماف و بنماگه لێک که له م جاڕنامه یه دا هاتوون ، به پێی توانا و شیاوی تایبه ت به خۆیان، ئه وه ی له ده ستیان دێ بیکه ن.**

**وه رگێران و پێك هێنان ؛ کاوه ی دێهپوویاد**

**تێبینی ؛ ئه م جاڕنامه یه بۆ یه که م جار له لایان منه وه کراوه به کوردی و مافی له لاین نووسه ره وه پارێزراوه**

**کاوه ی دێهپوویاد/ مه ریوان**